سێ بازرگانی مادەی هۆشبەر لە بەغدا دەستگیرکران

ئەمڕۆ دووشەممە (١٧ی ئازاری ٢٠٢٥)، فەرماندەیی پۆلیسی هەسافە دەستگیرکردنی ٣ تۆمەتباری بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر ڕاگەیاند.

بەیاننامەیەکی فەرماندەیی پۆلیس، کە بە موتەبەع گەیشتووە، ئاماژەی بۆ کردووە، دەستگیرکردنی "بازرگان و دابەشکەرەکی مادە هۆشبەرەکان" لە ناوچەی بەغداد جەدیدە ئەنجامدراوە.

ئاماژەی بۆشکرد، "ئۆپەراسیۆنەکە دوای وەرگرتنی زانیاری ئەنجامدراوە کە ئاماژەیان بە بوونی کەسانی گومانلێکراو بە فرۆشتن و دابەشکردنی مادەی هۆشبەر لەنێو ئالوودەبووان لە ناوچەی بەغداد جەدیدە ئەنجامدراوە. هەزەکی تایبەتمەند لە پۆلیسی بەغداد جەدیدە و فەوجی فریاکەوتنی حەوتەمی هەسافە پێکهێنرا، بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی دیکە".

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە، "دەست بەسەر مادەی هۆشبەرەکانی کریستاڵ و ئامێری وەرگرتنی مادەی هۆشبەرەکاندا لە تۆمەتباران گیراوە، و ئێوان دوای لێکۆڵینەوە دانیان بێدا ناوە کە مادەی هۆشبەرەکانیان گواستنەوە و دابەشیان کردووە".